**بەش: ڕاگەیاندن**

**کۆلێژ: ئاداب**

**زانکۆ: سەلاحەدین**

**بابەت: ئابووری ڕاگەیاندن**

**پەرتووکی کۆرس: قۆناغی سێیەم/سمستەری یەکەم**

**ناوی مامۆستا: پ.ی.م.هەردەوان مەحمود کاکەشێخ**

**ساڵی خوێندن: 2023-2022**

# پەرتووکی کۆرس/ Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ئابووری ڕاگەیاندن |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ.ی.هەردەوان مەحمود کاکەشێخ |
| 3. بەش/ کۆلێژ | ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: hardawan@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: 07507533040 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 2<br>پراکتیک: 0 |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستا بۆ قوتابیان دووجارە لە ماوەی هەفتەیەکدا |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | https://academics.su.edu.krd/hardawan/ |
| 9. وشە سەرەکیەکان | ئابووری ڕاگەیاندن، تیۆرییە هزرییەکانی ئابووری، بەرهەمی ڕاگەیاندن |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

- زاڵبوونی بنەما ئابوورییەکان بەسەر زۆربەی کاروچالاکییەکاندا، ئەو خاڵە دەدات بەدەستەوە کەبەهێزی و باڵادەستی ئابوورییە.
- چالاکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەتێپەڕبوونی کات بەهاو بایەخیان زیاتر دەبێت ئەوەش بەهۆی ئەو سروشتە ئابوورییە گەشەسەندووەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سەرهەڵدانی تۆڕی میدیای گەورە فروان، کە وایکردووە ڕاگەیاندن ڕەهەندێکی ستراتیژی هەبێت بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن .
- دەزگا میدیاییەکان ناوەندێکی پڕ بەهایە بۆ ڕاگەیاندنکاران بەجۆرێك وەك سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی داهات،و هەندێجاریش پەڕاوی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ڕۆڵی بازاڕێك دەبینێت بۆ بەیەك گەیشتنی کڕیارو فرۆشیار.
- زۆربەی ئەو بڕیارانەی دراوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان بەڕێوەدەبەن، کەم تا زۆر کارتێکراوە بەسەرچاوە داراییەکان، کەواتە ئابووری وەك بنەمایەك زۆر پەیوەستە بەو تێگەیشتنەی کە چۆن ڕاگەیاندن بەهێز دەبێت هەروەها پیشەسازییەکان چۆن کاردەکەن لەسایەی ئەو ڕاگەیاندنەدا.

**11. ئامانجەکانی کۆرس:**

- فێرخوازان تێبگەن لەگرنگی هەموو ئەو توێژینەوەو بەدواداچوونانەی ئابووری بۆ ڕاگەیاندن، بەئابووری ڕاگەیاندن ناودەبرێت، کە ئەمیش توێژینەوەی ئابووری لەگەڵ توێژینەوەی ڕاگەیاندن پێکەوە دەبەستێتەوە.
- بزانن کە ئابووری ڕاگەیاندن پەیوەندی بەگۆڕینەوەی هێزەکانی ئابووری لەهەڵبژاردنی بەڕێوەبەرەکان، ڕاگەیاندنکارەکان هەروەها بڕیاردەرەکانی ڕاگەیاندن ئاراستە دەکات و دەیانسەپێنێت.
- فێرخوازان بەئاگابن لەوەی ئەو سروشتە زیندووەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەیەتی بەهۆی دوو هۆکارەوەیە: 1.بەرهەمهێنان، 2. بازاڕ .
- تواناکانی بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهەرچوار جۆرییەوە نەرمی نواندنی هەیە لەخستنەڕووەدا بەجۆرێك کە توانیویەتی ئەو زیادبوونە لەخواستدا پڕبکاتەوە کە بۆ بەرهەمی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دروست دەبێت لەڕووی بڕ(کمي). هەروەها لەڕووی بازاڕیشەوە بەرهەمی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جۆرێك لەخۆگونجاندن تیادایە بەپێی پێویستییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا.

**12. ئەرکەکانی قوتابی:**

قوتابی بەپرسیارە بەرامبەر بە ئامادەبوون لەوانەکاندا و هەروەها تۆمارکردنی تێبینی و سەرنجەکان لەکاتی وانەکانی ڕۆژانەدا، هەروەها بەرپرسیارە بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر بابەتەکە و پێشکەشکردنی لەناو پۆلدا.
هەروەها بەرپرسیارە لە ئامادەبوونی لە کاتی تاقیکردنەوەکان کە 3 تاقیکردنەوەی تیۆری لەسەر کاغەز ئەنجام دەدرێ.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

وانەکان بەشێوازی تیۆری دەوترێتەوە بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت، هەروەها تیشکخستنە سەر خاڵە گرنگەکان لەسەر تەختەی سپی، پێدانی پوختەی وانەکان بەشێوەی مەلزەمە بە قوتابییەکان.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

تەواوی تاقیکردنەوەکان بەشێوەی تیۆری و لەسەر کاغەز دەبێت، تاقیکردنەوەی میدتێرم 20نمرەی لەسەرە و یەکجار ئەنجام دەدرێ، ئەگەر قوتابییەکان بەگشتی لەنمرەکانیان ڕازی نەبوون دەکرێ تاقیکردنەوەی دووەمیش ئەمجام بدرێ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ 60 نمرەی لەسەرە.
تاقیکردنەوەی میدتێرم: 20نمرە
ڕاپۆرت نووسین، ووتار نووسین: 5نمرە

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

- فێرخوازان تێبگەن لەگرنگی هەموو ئەو توێژینەوەو بەدواداچوونانەی ئابووری بۆ ڕاگەیاندن، بەئابووری ڕاگەیاندن ناودەبرێت، کە ئەمیش توێژینەوەی ئابووری لەگەڵ توێژینەوەی ڕاگەیاندن پێکەوە دەبەستێتەوە.
- بزانن کە ئابووری ڕاگەیاندن پەیوەندی بەگۆڕینەوەی هێزەکانی ئابووری لەهەڵبژاردنی بەڕێوەبەرەکان، ڕاگەیاندنکارەکان هەروەها بڕیاردەرەکانی ڕاگەیاندن ئاراستە دەکات و دەیانسەپێنێت.
- فێرخوازان بەئاگابن لەوەی پیشەسازی کردنی میدیا یەکێکە لەو پرسە گرنگ و هەنووکەییانەی کە بۆ هەرێمی کوردستان پێویستە، بەشێکی زۆری قەیرانەکانی میدیا بەهۆی بەپیشەسازی کردنی میدیاوە چارەسەر دەبێت.

**16. لیستی سەرچاوە**

- سەرچاوە بنەڕەتیەکان:

د.عاشور فني: إقتصاديات وسائل الاعلام المرئية والمسموعة، سلسلة بحوث ودراسات إذاعية، 2012.
د.سهام الشجيري، اقتصاديات الاعلام، دار الكتاب الجامعي في لبنان والامارات، 2014.
د.محمد سيد محمد: إقتصاديات الاعلام (المؤسسة الصحفية), دارالفكر العربي, 1991.
جيليان دويل, ترجمة: محمد عبد الحميد: مداخل حديثة في اقتصاديات وسائل الاعلام, دارالفجر للنشر و التوزيع, 2015.
د.عصام الدين فرج: إقتصاديات الإعلام (الجزء الأول), مركز المحروسة للنشر, 2003.

- سەرچاوەی سوودبەخش:

عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە: مافی گەیاندن؛ میدیاجەماوەرییەکان و گەشەسەندی ئابووری، چاپخانەی شەهید ئازادهەورامی، 2010.
د.نرمين محمد الرماني: إقتصاد الاعلام أسرار و أخبار، مكتبة الرشد،2005.
إبراهيم أحمد إبراهيم: إقتصاديات صناعة الصحافة, العربي للنشر والتوزيع, 2000.

- گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت):

گۆران مستەفا: ئابووری ڕاگەیاندن،گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە(4)، 2005.

| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| **بەشی یەکەم: ئابووری میدیا و گەشەسەندنی پیشەسازی میدیا**<br>هەفتەی یەکەم / ڕەهەندو گۆشەنیگا جیاوازەکانی ڕاگەیاندن<br>هەفتەی دووەم / چەمکە سەرەکییەکانی ئابوری ڕاگەیاندن/جیاوازی نێوان کارگێری دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان و دامەزراوەکانیتر<br>هەفتەی سێیەم/ تایبەتمەندی پیشەسازی ڕاگەیاندن /ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر کاری میدیایی دەکەن<br>هەفتەی چوارەم / بەرهەمی ڕاگەیاندن (Media product)و تایبەتمەندی بەرهەمی ڕاگەیاندن<br>هەفتەی پێنجەم/ چالاکی لە بەرهەمە میدیاییەکان و کۆنترۆڵ کردنی بازار/تایبەتمەندی پیشەسازی ڕۆژنامەوانی<br>**بەشی دووەم: ئازادی کارکردنی میدیا و پەیوەندی بەدەسەڵاتی حوکمڕانەوە**<br>هەفتەی شەشەم / پەیوەندی تیۆرییەکانی ڕاگەیاندن بەفەلسەفەی ڕاگەیاندنەوە لەڕوانگەی ئابورییەوە<br>هەفتەی حەفتەم / تیۆری دەسەڵات (نظرية السلطة)<br>هەفتەی هەشتەم / تیۆری ئازادی (نظرية الحريه "الليبراليه")<br>هەفتەی نۆیەم / تیۆری کۆمینیزم (نظرية الشيوعية)<br>هەفتەی دەیەم / تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی<br>**بەشی سێیەم: پارەدارکردنی دامەزراوەکانی میدیا**<br>هەفتەی یازدەیەم / پارەدارکردنی دامەزراوەکانی میدیا<br>هەفتەی دوازدەهەم / پۆلێنکردنی خەرجی و تێچوون(Costs)و داهاتەکانی (Revenues) دامەزراوە میدیاییەکان<br>هەفتەی سێزدەهەم / سەرچاوە داراییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان<br>هەفتەی چواردەهەم / خاوەندارێتی دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتیدا | ناوی مامۆستا<br>وەک: ٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢/١٠/١٤ |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار | |

| | |
|---|---|
| وکاتی وانەکە دەنووسێت. | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** بەکورتی باس لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئابووری ڕاگەیاندن بکە.

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**20. تێبینی تر**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.